**بریگادەکانی ئێرانی لەکوردستانی عێراق دادەمەزرێن و بارودۆخی ناوچەکە ئالۆزتردەکەن**

ئاسوشیتێدپرێس Associated Press، کانیچنارە، عێراق، 2003/3/3

شەرکەران ئەڵێن نیشتمانپەروەری عێراقین کە هاتوون بۆ باکووری عێراق کە کوردن بۆشەرکردن و بەرپەرچدانەوەی هێرشبەران، بەڵام تەلەفوونە سەوزەکانیان لە ئۆردووگاکەیان نیشانەیەکی پێوەیە کە دەریدەخات هی سپای پاسدارانی ئێرانە.

ئەمانە نیسانپاترۆڵی خاکی لێدەخورن کەهی ئەرتەشی ئێرانەو بەفارسیش قسەدەکەن کە زمانی ئێرانیەکانە.

ئەمانە جەنگاوەری شیعەن لە لەشکری بەدر کە باڵی سەربازی گرووپێکی ئۆپۆزیسیۆنی بنکە لەئێرانن کە لەلایەن ڕێبەرانی ئیسلامی ئەو وڵاتەوە پشتیوانی دەکرێن. هەبوونی ئەمانە بارودۆخی ناسکی باکووری عێراق کە خۆی لەخۆیدا تێکەڵاوێکی قەومیو سەربازی پرمەترسیە، ئاڵۆزتردەکات.

ئەم گرووپە، واتە مەجلیسیئەعلای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق لە ڕاپەڕینە سەرنەکەوتووەکەی ساڵی 1991ی پاش شەڕی خەلیج دا لەدژی سەرۆکی عێراق صدامحسین بەشداریکرد.

بەگوێرەی وتەی بەرپرسانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان کە دەسەڵاتی نیوەی ڕۆژئاوای ناوچەکەیان بەدەستەوەیە، لەشکری بەدر لەم دواییانەدا هەبوونی سەربازی خۆیان لەم ناوچە خودموختارەی کوردستان لە باکووری عێراقدا پەرەپێداوە.

مەلا بەختیار کە یەکێکە لەسێزدە ئەندامەکەی مەکتەبی سەرکردایەتی ىنک ئەڵێ لەم چەند هەفتەی ڕابردوودا 500 تا 600 کەس لە هێزەکانیان هاتوونەتە باکووری عێراق لەچوارچێوەی ڕێککەوتنەکەی ئۆپۆزیسیۆن لە کونفرانسی مانگی دیسامبردا لە لەندەن لەبەر ئەوەی بتوانن هێزەکانیان لە «ئامادەباشی تەواو» دابن.

باسی ئۆردووگای کانیچنارە لە باکووریڕۆژهەڵاتی عێراق کە دەکەوێتە نزیکەی پەنجا کیلومەتر لە باشووریڕۆژهەڵاتی سلێمانیەوە، هەروەهاش دووانی دیکە لە بەشەکانی ژێردەسەڵاتی ىنک لە باکووری عێراق بۆیەکەم جار لەدوایین ژمارەی هەفتەنامەی هاوڵاتیدا کە ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی کوردیە، بڵاوکرایەوە.

مەجلیسی ئەعلا، کە گەورەترین ڕێکخراوێکە نوێنەرایەتی خەڵکی موسوڵمانی شیعەی عێراق ئەکات کە زۆربەن، لەژێر ڕێبەرایەتی ئایەتوڵڵا محمدباقرحکیمدان کە لایەنگرێکی ڕێبەری شۆڕشی ئێران ئایەتوڵڵا روحالله خمینییە.

لەشکری بەدر لەلایەن ئێرانەوە تەیاردەکرێنو پشتگیریدەکرێنو ژمارەی سەربازەکانیان لەنێوان پێنجهەزار هەتا شەستهەزار مەزندەدەکرێت. هەرچەشنە پەرەسەندنێکیان لە باکووری عێراق دەتوانێت کاردانەوەی هەبێت بۆ پلانەکانی ئەمریکا چلەکاتی شەڕداو چ پاش شەڕەکە.

ئەمریکا خەریکی سازدانی هێزەکانیەتی لە خەلیجدا، هەڕەشە لە صدام دەکات بۆ لابردنی و بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی لەشکری هەتا گواستنەوە بۆ دیمۆکراسی تەواو.

ئەمریکا سەرەڕای هێرشێک لە باشوورەوە پلانی هەبووە بۆ کردنەوەی بەرەیەک لە باکوورەوە کە دەگونجێت بەیارمەتی لەشکری تورکیا بکرێت. ئەم پێشنیارە کوردەکانی تۆڕە کردووە کە مێژوویەکی درێژیان هەیە لە توندوتیژی لەگەڵ تورکەکاندا.

پلانەکە ڕۆژی شەممەی ڕابردوو لەلایەن پارلەمانی تورکیاوە کەوتەبەر شکوگومان کاتێک کە سەرنەکەوت لە سەلماندنی دابەزینی سەربازی ئەمریکایی لەسەرخاکی تورکیا.

کوردەکان هۆشداریان داوە کە هەرچەشنە دەستێوەردانی تورکەکان دەتوانێت ببێتە هۆی هاتنی وڵاتانی دیکەی ناوچەکەو بەتایبەتی ئێران.

مەجلیسی ئەعلاو لەشکرەکەی ڕۆڵێکی چالاکانە دەگێڕن لە ئۆپۆزیسیۆنی عێراقدا. ئەوان یەک لەسێی ئەو 65 کورسیەیان هەیە لە کومیتەی بەرێوەبردنی ئۆپۆزیسیۆندا کە چاوەڕواندەکرێت گواستنەوەکە بەرێوەببات (بۆ عێراقی پاشصدام و.) و هەرەها شەش کورسیان هەیە لە کومیتەکانی سەرکردایەتیدا.

بەڵام ئەمریکا نیگەرانی زۆری دەربڕیوە سەبارەت بە ڕۆڵی گرووپە ئیسلامیەکان لە عێراقی داهاتوودا. ئەمریکا لەگەڵ ئێران کە میوانداری مەجلیسی ئەعلایە لە ساڵی 1979وە کە ئێرانیە توندڕەوەکان شاڵاویان بردە سەرسەفارەتی ئەمریکا لەتاران هیچ چەشنە پەیوەندێکی دیپلۆماتیکی ڕەسمی نیە.

لە کۆنفرانسی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقدا لە باکووری عێراق، مەجلیسی ئەعلا کەوتە لەقاودانی ئەمریکا، سەرنەکەوتنی ڕابردووی لە پشتگیریکردنی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقداو پلانەکانی بۆ دانانی حکوومەتێکی کاتی

سەربازی ئەمریكایی.
بەختیار كە پەخش‌وبڵاوكراوەی هەیە و ئازایانە دژایەتی بنەماخوازانی ئیسلامی‌دەكا ئەڵێت لە كاتێكدا كە پەیوەندی نێوان ئەمریكاو مەجلیسی ئەعلا ئاڵوزە، پەیوەندی مەجلیس لەگەڵ عێراق سانایە. ئەو ئەڵێت، «ئەمانە لەشكری ئۆپۆزیسیۆنی عێراقن. لەوانەیە سی‌هەزار چەكداریان هەبێت. ئەمریكا ناتوانێت لەربەرچاویان نەگرێت.»
لەگەڵ ئەوەشدا زۆرن ئەوكوردانەی كە تۆۆرەن سەبارەت بە زیادبوونی چالاگی لەشكری بەدر.
محمود حامدامین سەرۆكی ناوچەیی حیزبی سوسیالدیموكراتی كوردستان لە دەربەندیخان كە دەكەوێتە شەش كیلۆمەتری ئۆردووگاكەوە ئەڵێت:«هەڵبەت ئەوانە بەشێكن لە ئۆپۆزیسیۆنی عێراقو بۆیان هەیە بەشداری هەرئایندەیەكی عێراق بكەن. زۆرجار لەچەند خێوەتێكی پچووكدان. ئەمە یەكەم جارە كە بەم ژمارە زۆرە دەیانبینین وا كۆببنەوە. »
سەربازێك كە لە خاڵی پشكنیندایە رێگا نادات بە ئاسۆشیتێدپرێس بچێتەناو ئوردووگاكەوە و لەگەڵ بەرپرسان قسەبكات. بەڵام سەیرئەوەیە كە زۆربەی ئەم سەربازانە كە پیاوی تەمەن مامناوەنجین بە سووكێكەوە دێنەپێشەوەو دەستدەكەن بە قسەكردن لەگەڵ هەواڵنێرێكدا. یەكیان زۆر بە ئیشتیاوە سەبارەت بە سەفەرەكەی بۆ كەناری دەریای مازندەران قسەی‌كرد.
یەكی دیكەیان وتی ئەوانیان دووهەفتە لەمەوبەر هێناوە بۆئێرە بۆشەڕكردن لەدژی هێرشی توركیا. ئۆردووگاكە كە نزیكەی یەكسەد خێوەتی لێیە رۆژی دووشەممە چالاكی زۆری تێدادەكرێت. لانی‌كەم دوو چەكی دژی فرۆكە دەتوانین لە سەر تەپۆڵكەكان ببینین‌و سەربازەكان خەریكی هەڵكەندنی شۆێنن لەسەر تەپۆڵكەكانی بەرامبەریان. سەربازی دیكە خەریكی داگرتنی كەلاشینكۆفی نەكراوەن لە ماشینێكی پیكاپ. دراوسێكان دەیانگوت سەبارەت بە سەربازەكان شتی‌زۆر نازانن لەبەرئەوەی زۆر لەناوخۆیاندان. یەكێك گازندەی ئەوەی دەكرد كە سەربازەكانی لەشكر رێگانادەن بە شوانەكان كە ڕانەمەڕەكانیان لەسەر گردەكانی نزیكی ئۆردووگا كە شین‌بوون بلەوەڕێنن.
لە بنكەیەكی مەجلیسی ئەعلا كە لەمێژە لە شارۆچكەی مەیدان لە 32 كیلۆمەتری كانی‌چنارە دامەزراوە، سەربازەكان ئامادەنەبوون داواكاریەكەمان بۆ زانیاریدان جێبەجێبكەن. رەسمی خومەینی، الحكیم و ریبەری باڵای ئێران علی‌اكبرخامنەای لەسەر دیوارەكان داكوتراون.
ئەمین گوتی:«من بەشبەحاڵی خۆم ئەمانە بە عێراقی نازانم. من ئەمانە بە ئێرانی دەزانم.»
وەرگێڕ: ئەحمەدی ئەسكەندەری